# ٨ی مارس هاتەوە تا هەمووان قسەی زل زل بنووسینەوە

**شۆخان مەحمود**



وەك نەریتێكی ساڵانەی (٨ی مارس) رۆژی جیهانی ژنان، هەمووان گورجو گۆڵانە دەستدەكەین بەنووسینو پیاهەڵدانو داواكاری بۆ بەرجەستەكردنی مافەكانی ژنان. ئەمساڵ منیش ئەم بابەتەم نووسی، كە پێموایە هەر هێندەی ئەو چەپكە گوڵانە جێی خۆی دەگرێت، كە زۆرێك لەپیاوانی وڵاتەكەم بەدەستییەوە دەگرنو رووەو رێكخراوەكانی ژنانو ئافرەتان دەچنو بەپێكەنینێكەوە پێشكەشی دەكەن، كە پاش چەند سەعاتێك لە رۆیشتنیان وردە وردە سیس دەبن. ئەگەر ئەو گوڵانە لەبێئاویدا بژاكێن و بمرن، ئەوا بابەتەكەی من لە بێكەسی و بێخوێنەری و حساب بۆ نەكردنیدا. بڕوا بكەن زۆرجار من و ئەو گوڵانە هیچ جیاوازییەكمان نییە، چونكە ئەوان هەمیشە بۆ یاد و بۆنە و ئاهەنگەكان، دەكرێنە دیاری و زینە و بابەتی جوانكاری، منیش هەر لەبۆنە و ساتە گرنگ و حەساس و یەكلاكەرەوەكانی میللەتەكەمدا، لەو كاتانەی كە پیاوانی حكومەت و دەسەڵات و حیزب و دەستور و یاسا، پێویستیان بە دەنگو رەنگی من هەیە، دەكرێمە بابەتی سەرەكی و گەرما و گەرمی شەو و رۆژی كەناڵ و دەزگا راگەیاندنەكانیان و وەك هەوێنی بابەتەكان بەكاردەهێنرێم. ئەواتا هەتا چەند رۆژێك بەر لەم دەنگدانەشمان، رۆژنامە و گۆڤار و كەناڵی لۆكاڵی و ئاسمانی نەمابوو كە باس لە رۆڵی بوێرانەی ژنانی وڵاتەكەم نەكات و پەخشان و چیرۆكی سەیر سەیر دەهۆنرانەوە و فرمێسكی دایكانی جەرگ سوتاوی من و خوشكانی رەشپۆشی من و ژنانی بێ مێرد و خەمبار و بەشمەینەتی گەرمیان و كوێستانی من، دەكرانە جوانترین وێنە و سلایدی ریپۆرتاج و بەرنامە دیكۆمێنتییەكانیان. ئەوەتا لەم وڵاتەی مندا، كە رۆژانە هەر سوچێكی، هەر پەنا دیوارێكی چیرۆكێكی تازەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تێدا دەنوسرێتەوە، لەم وڵاتەی، كە هێشتا پیاوەكانی شەڕی كورسی و دەسەڵات و پلە و پۆستی زیاتر و زیاتر دەكەن و یەخەی یەكدی بەرنادەن. چۆن جێگایەك هەیە بۆ منێك، كە هەمیشە پێموتراوە كە داوێنی خۆم دوژمنمە، هەمیشە ژنێتی و جەستەی خۆم دەجەنگن لە گەڵ مافو ئازادییەكانمدا. زۆر پێمان دەوترێت، كە ئەگەر خۆمان دلێرانە نەیەینە مەیدان و خۆمان داوای ماف و ئازادی و یەكسانی خۆمان نەكەین، كێ ئەوەندە راستگۆیانە و دڵسۆزانە داوای مافی پلە دوویەكی وەك ئێمە دەكات . من وەك خۆم گەیشتمە ئەو قەناعەتەی، كە ئەوە زۆر راستە و راستریش لەوەی كەهەمووان دەیزانین، چونكە ئەوەی هەمووان دەیزانین و زۆریشمان وتووەتەوە، زۆرینەی مرۆڤەكانی وڵاتی من كێشەی راستگۆیی و هەست بە بەرپرسیارێتی و دڵسۆزییان هەیە . زۆرینەی ژنان و پیاوانی ئەم كۆمەڵگە كوردییەی خۆمان، ئەگەر لە رووخسار و شكڵ و شێوەدا، كەسانێكی كراوە و خوێندەوار و رۆشنبیر و

زاناو دونیا دیدەبن، ئەوا لەناخو کەسایەتی و مێشکیاندا، دیلی دەستی بەناو کلتورو داب و نەریتو حەزی مەکەو نەخێرن.

ئەوە ناشارمەوە، کە ئەگەر لە ٥٠% پیاوان بەدەست خۆیان نەبێت و تەبیعەتیان وابێت، کە دان بەبوونی سەنگ و مەحەکی ژناندا نەنێن، ئەوا لە ٥٠% کەی تری ژنان خۆیانن کە تا ئێستاش وەك پێویست، لەمێینەیی و لەماف و ئازادییەکانی مێینەیی خۆیان نەگەیشتوون، چونکە ژنانێك هەبن پێیان ئاسایی بێت، کە بکرێنە کاڵایەکی جوانکاری و هەر شەوە و بە مۆدێلێکی تازەی جلو بەرگی غەربی ژنانەوە، بەرنامەی بەناو ژنان پێشکەش بکەن، ژنان و کچانێکمان هەبێت لە ژێر ناوی هەزار جۆر بیانوی خۆشەویستیدا، سنگ و بەرۆکیان بکەنە سفرەی سەربازە تینووەکانی جەنگێکی بێکۆتایی حەز و ئارەزووە کاتییەکان، ژنانێکمان هەبێت کە بەبێ بیرکردنەوە و لەدواساتەکانی شکستیاندا، خۆکوشتن و خۆسووتاندن بکەنە وەڵامی بەرامبەرەکانیان، ژنانێك هەبن کە تائێستاش پیاو بەسەرچاوەی هەموو خۆشبەختی و سامان و عەقڵو مەنتقێك دابنێن و پێیان شەرم بێت کە دەنگی مێینەییان لە ئاست ناحەقییەکاندا بەرز بکەنەوە، ژنانێك هەبن ئامادەبن لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین رێژەی دەنگ، بۆ پیاوانی نێو دەزگا و شوێنی کارەکەی، ژنەکەی هاوڕێی بەبێ شەرەف و لادەر لەقەڵەم بدات، ژنانێکمان هەبێت کە نە لەئاست مەسئولییەتدا بن و نەشیاوی هەندێ شوێن و بەرپرسیارێتی بن و نە لەوەش تێبگەن، کە ئەوان خۆیان چییان دەوێت، کەچی وەك زۆربەی پیاوە سمێڵ رەشکراوەکانی کۆمەڵگاکەم، کورسی دەسەڵاتیان داگیر کردبێت، هاوسەنگی ئەو تەرازووە چۆن یەکسان دەبێتەوە، کە هێندە لاسەنگ بووە هاکا رۆژێکی لابەلا کەوت. بۆیە دەڵێم ئیدی بۆ شەرمو حەیا چوونە، ئەگەر من بڵێم لە وڵاتێکی خاوەن کەسانێکی بێ بەرنامەو بێ راستیو دور لەیاسا، بۆ منی ژن ئەگەر هەموو رۆژەکانیشم ٨ی مارس بێت، هەر وەك ئێستام دەبم. لەنێو کۆمەڵگەیەکی گیرۆدەبوو بەچەندین پەتای کوشندەی وەك شەڕی مانەوەی کەسەکان لەدەسەڵاتو درۆو هەڵخەڵەتاندنی ژنانێك، بەرۆژی رووناك بەناوی خۆشەویستییەوەو دواتر کوشتنو سوتانیان و روپۆشکردنی راستییەکان بەزمانی پەپوولە. شەرمکردنی پیاوانێك کە ئەگەر ژنێك لە بەرامبەریدا وەستابێتەوەو بییەوێت ببێتە دەمڕاست یاخود قسەکەری، لەکاتێکدا مافێك کە نەباوکی خۆم و نە براو نە کەسوکار وەك قەرز سەیری بکەنو پێیان زەحمەت بێت ئەگەر وەربگرم، ئیدی پیاوانی تر و کۆمەڵگەکەم چۆن ئەو قەرزەم دەدەنێ. ئالێرەدا ئەگەر دەشڵێن بەسە ئیتر ماف مافی چیتە، ئێستا کەی وەختی ئەم بەیتو بالۆرە هێنانەوەیە، منی ژن تەنها یەك وەڵامی بچکۆلەم دەبێت و دەڵێم راستەدەکەن لەبەر مەسەلەی شەڕ و ئاشتی، مەجالی هیچی ترمان نەماوە. قەیناکە بەس خۆ دەکرێت، هەتا کاتتان دەبێت و دێنە سەر حەلی هاوکێشەی نایاسایی مافەکانی ئێمە، حسابێکی مرۆڤ دۆستانەمان بۆ بکەن، بۆخاتری خوا،

ئیتر بەسە بابەزەییتان پێماندا نەیەتەوە، چونکە ئێمە وادروست نەکراوین، کە شایەنی بەزەیی بین.

**سەرچاوە:**

**رۆژنامەی هاوڵاتی ـ٩ی مارسی ٢٠١٠**